## ئێمە چی دەکەین؟

زۆر وڵات کۆمیسارییان هەیە و هەموویان کاری تاڕادەیەک جیاوازیان هەیە، بەڵام هەموویان کاردەکەن بۆ دڵنیابوون لەوەی کە منداڵان و لاوان لە ئازار بپارێزرێن و زۆرترین ژمارەی خەڵک ئاگاداری مافەکانی منداڵان بن.

ئەمانە چەند شتێکن لەوانەی کە کیس و تیمەکەی ئەنجامیان دەدەن بۆ منداڵان و لاوانی وەیڵز:

- ئاگادارکردنەوەی هەمووان، لەوانە منداڵان و لاوان، لە کارەکانی کۆمیسار و مافەکانی منداڵان
- دیدار لەگەڵ منداڵان و لاوان و گوێگرتن لە بۆچوونەکانیان لەسەر ئەو مەسەلانەی کە کاریان تێدەکەن
- قسەکردن لەگەڵ منداڵان و لاوان لەسەر کارەکانی کۆمیسار، پێویستە چیتر بکات و چۆن بیکات
- سەیرکردنی کاری ڕێکخراوەکانی وەک شارەوانییەکان و یەکە تەندروستییەکان بۆ ئاگاداربوون لەوەی کە ئایا بیر لە مافی منداڵان دەکەنەوە
- ئاگادارکردنەوەی ئەو کەسانەی کە دەتوانن گۆڕان دروست بکەن لەسەر ئەوەی کە منداڵان و لاوان بیریان لێدەکەنەوە و بەگرنگیان دەزانن و لەسەر چۆنێتی باشترکردنی شتەکان
- دابینکردنی ئامۆژگاری و زانیاری بۆ منداڵان و کەسانی پێگەیشتوو کە پەیوەندی دەکەن بە تیمەکەی کۆمیسارەوە.